هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٤٦ - ١٣٦ - پێنج شەممە ٢٠١٠/٣/٤ی زایینی


# کەژاڵ ئادەمی لە شیعرەوە بۆ وڵاتی عەشقی هونەرو گۆرانی



## پرۆفیشناڵ

مەسعودی مەلا هەمزە

### هونەرمەندو هەڵبژاردن

هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی گرنگی ناو کۆمەڵگا دیموکراتییەکان پەیڕەو دەکرێ و خەڵکی بە ئازادی و قەناعەتی خۆیان بڕیار دەدەن لەسەر هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان، دوای ڕاپەرینی بەهاری ٩١ و ئازادکردنی سەرتاسەری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستانیش ئەو پرۆسە گرنگە بەڕێوەدەچێ، دیارە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەڵکی زیاتر وشیاردەبنەوە لەوەی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان و هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی شیاون بۆ ئەو پۆستە گرنگ و پڕ بایەخە.

ئەوەی دەمەوێ لێرە باسی بکەم بەشداری و کاریگەری هونەرمەندانە لەو پرۆسە گرنگە، دیارە لە هەڵبژاردنەکاندا هونەرمەندان کاریگەری خۆیان هەبووە، بەجۆرێک بەشێک لە هونەرمەندان بە گۆرانی و بەرهەمی هونەری داوایان لەخەڵک کردووە بەشداری لەو پرۆسە گرنگە بکەن و نەهێڵن مافیان بخورێ، بەڵکو بەدڵ و قەناعەتی خۆیان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن.

خاڵێکی دیکە هەیە کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ ڕای جیاوازی لەسەرە، ئەویش گوتنی گۆرانی و ئەنجامدانی کاری هونەرییە بۆ پاڵپشتی کردن لە لیستێکی دیاریکراو، دیارە ئەو جۆر کارە دوو ڕای جیاوازی لەسەرە، ئەویش یەکەمیان ئەوەیە کە خەڵکانێک هەن دەڵێن گوناهە هونەرمەند گۆرانی بۆ لایەنێک بڵێ یاخود هونەرەکەی بکاتە موڵکی لایەنێکی تایبەت، لەبەرئەوەی هونەرمەند موڵکی میللەتە، بۆیە پێویست ناکا ئەو هونەرمەندە خۆی بچووک بکاتەوە و گۆرانی بۆ لایەنێکی جیاواز بڵێ و دۆست و لایەنگرانی لایەنەکانی دیکە لەخۆی بڕەنجێنێ.

ڕای دووەمیش ئەوەیە کە ئاساییە هونەرمەند گۆرانی بۆ لایەنێک بڵێ و پاڵپشتی خۆی بۆ دەربڕێ، بەو مەرجەی ئەو کارەش غەدر کردن نەبێ لە خودی هونەر، لەبەرئەوەی بینیومانە و بیستومانە کە بەداخەوە بەشێک لە هونەرمەندانی کورد کاتی خۆی گۆرانیان بۆ سەدام و قادسیە گوتووە، کە ئەوە زوڵمە لە گۆرانی.

جگە لە تۆمار و بڵاوکردنەوەی بەرهەم ئێستا دەبینین لە ڕاگەیاندنەکان بایەخ بەوە دەدەن کە هونەرمەند دەنگ بە چ لیستێک دەدا، بە بڕوای من ئەوە کارێکی تەندروستەو ئاساییە هونەرمەند ڕایبگەیەنێ کە دەنگ بەکێ دەدا، دیارە ئەوەش لە بەرژەوەندی ئەو لیستەیە کە هونەرمەندەکە ڕایدەگەیەنێ کەوا دەنگی پێ دەدا، بەڵام هیوادارم دیسان هونەرمەندان لەوەشدا ویژدانیان بکەنە حاکم و بێ ویژدانانە بڕیار نەدەن لەوەی خۆیان خەڵک دەنگ بە لیستێک بدەن کە هیچ خزمەتی نەکردووە و مومکینیش نییە خزمەت بکەن.

**کەژاڵ ئادەمی یەکێکە لەو کچە گۆرانیبێژانەی لەو ماوەیەی دواییدا بەشێوەیەکی چالاک هاتە ناو بواری هونەری و بە چەند بەرهەمێک خۆی خستە ناو دڵی هەوادارن و گوێگرانی خۆی، وەک خۆی دەڵێ لە ساڵی "١٩٨٨"ەوە کوردستانی جێهێشتووە و ئێستا نیشتەجێی وڵاتی سویدە، دەربارەی تەمەنی منداڵی و بەرهەمەکانی دواندمان...**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** تەمەنی منداڵیت چۆن و لە کوێ بەسەر برد؟**

- من لە ئامێزی دایک و باوکێکی شۆڕشگێڕدا لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوم و تەمەنی منداڵیم تا ١٥ ساڵان لەو شارەدا بەسەر برد.

*** لە منداڵیدا کەسێکی هێمن و لەسەرەخۆ یان هار و هاج بوویت، قەت بیرت دێ شەڕت کردبێ؟**

- تەمەنی منداڵیم ساڵانێک بوو سارێژ لە تەنیایی و ئەو جۆرەی بۆم ئەگێڕنەوە منداڵێکی زۆر بێدەنگ و هێمن بووم. بیرم دێت لە سەردەمی منداڵیمدا یەک دو جارێک شەڕم کردووە لەگەڵ هاوڕێکانم، بەڵام منداڵ بووین و دڵەکانمان وەک ئاوێنە پاک بوو و پاش کاتژمێرێک ئاشت دەبووینەوە.

*** لە هەرزەکاریدا وەکو کچێک یەکەم کوڕ کێ بوو کە سەرنجی ڕاکێشای، یان قەت داوات لێکراوە و ڕەفزت دابێتە کوڕان؟**

- منیش وەکو هەمو مرۆڤێکی ئەم دنیا ئەو چرکەساتانەم بووە، کە دڵم لە پەنا دیوارەکانی خۆشەویستیدا لەرزیوە. ڕووی داوە ڕەفزم دابێت و هۆکەیشی ئەوە بووە پێکەوە نەگونجاوین، بەڵام هەمیشە خۆشەویستی و هەستی پاک لای من بەڕێز بووە.

*** شیعر یا هونەر بە واقیعی ژیانی خۆت دەزانی و زۆر لێیەوە نزیکی؟**

- کاتێ دڵ قسەی زۆر پێبێت بە هەمو شێوازێک ئەیەوێت بیدرکێنێ و بەیانی بکات. تەمەنی منداڵی من ڕۆژانێک بوو سارێژ لە تەنیایی. لە دنیای پاکی منداڵی خۆمدا کۆشکێکم دروست کردبوو پڕ لە شیعر و گۆرانی. تا بە ئەمڕۆ ئەم هەستە لەگەڵمە و دڵەکەم هەردەم تەمەزرۆی فڕین بەرەو ئاسمانێکی ڕووناکترە. هونەر و بە تایبەت شیعر نووسین وەک هەناسەکێشانی لێهاتووە بۆم و نوێنەری واقیعەکانی ژیانی خۆم و هەستەکانمە.

*** کچانی گۆرانیبێژ قسەی زۆریان لەسەرە و هەندێکجار ئیستیغلال دەکرێن، قسەت لەسەر ئەو باسە چییە و هیچ جار هەوڵ دراوە ئیستیغلالت بکەن؟**

- لە چاوپێکەوتنێکدا کە ماوەیێک لەمەوپێش بووم ئەم پرسیارەم لێکرا و وەڵامەکەم بووە هۆی دڵگرانی هەندێک. لێرەدا من بە شێوازێکی تر وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە. هیوادارم کەس بە هەڵە لێم تێنەگات.

من لەسەر ئەو بڕوایەم ئافرەت ئەگەر خۆی کەسایەتی بەهێز بێت هیچ کەس ناتوانێت ئیستیغلالی بکات. بەڵام ئەگەر بۆ دەرکەوتن و پێش بردنی کارەکانی سەر بۆ داخواستە هەڵەکان دابنەوێنێت بە ئاسانی ئیستیغلال دەکرێت و دڵنیام ئەو جۆرە بەرەوپێشچوونانە نەتەنیا بەردەوام نابێ، بەڵکو ڕوخێنەرە بۆ کەسایەتی هونەرمەند خۆی و سووکایەتی کردنە بە مانای ژن و بێ حورمەتی کردنە بە هونەرە و هەروەها خەیانەت کردنە بەو ئافرەتانەی، کە دەیانەوێ لە داهاتوودا هەنگاو بنێنە ناو دنیای هونەرەوە. بە خۆشحاڵییەوە تا بە ئەمڕۆ هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵیان ئیشی هونەریم کردووە کەسانێکی دڵسۆز و بەڕێز بوون هەرگیز بێ حورمەتیان پێنەکردووم.

*** جیا لە گۆرانیگوتن شیعریش دەنووسی، بۆ؟**

- نووسینی شیعر یەکەم هەنگاوم بوو بۆ نێو دنیای هونەر. لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن و نووسینی کوردیان لە مەکتەب لێ قەدەغە کردبووین، من بە مەبەستی فێر بوونی خوێندن و نووسینی زمانی دایکی خۆم دەستم کرد بە خوێندنەوەی دیوانی شیعری مامۆستا قانع. شیعرەکانی قانع پەنجەرەیێکی ڕوو بە دنیای شیعری بۆم کردەوە و هەر لەو تەمەنی منداڵییەوە قەڵەمی شیعر نووسینم گرتە دەست. شیعر نزیکترین هاوڕێمە و هەموو سکاڵاییێکی لا هەڵدەڕێژم. هەردەم تێدەکۆشم لە هۆنراوەکانمدا باس لەو هەلومەرجانەی بکەم وا لە کۆمەڵگاکەمدا دێتە بەرچاوم. هۆنراوەکانم لە ڕوانگەی خۆمەوە وەک ژنێک دەنووسم و هەستی ژنانەی خۆمە، کە دەسەڵاتی هەیە بە سەر هۆنراوەکانمدا. تێدەکۆشم شیعر و گۆرانییەکانم زایەڵەی ئاوات و ئەوین و ئازاری ژنی کۆمەڵگاکەم بێت.



کەژاڵ ئادەمی

*** لە کلیپەکانتدا لە جلی کوردی دەردەکەوی، لە کاتێکدا بەشێک لە کچە گۆرانیبێژەکان لە کلیپەکانیاندا بەدوای نمایشکردنی جەستەوە دەگەڕێن، بۆچی تۆ بیرت لە شتێکی وا نەکردۆتەوە؟**

- من کوردم، گۆرانیبێژێکم بە زمانی کوردی گۆرانی دەچڕم و پێم خۆشە ڕوخساریشم نوێنەری کیژێکی کورد بێت.

*** هەندێک لە گۆرانیبێژان پێیانوایە پێویستە کار لە ستایلە جیاجیاکانی هونەر بکرێ، بەشێکیش لە هونەرمەندان پێیانوایە ئەو ستایلانە بەسەرچوونەو هونەرمەندان دێن ئەو ئاوازە کۆنانە بە کورد دەفرۆشنەوە، کە لە وڵاتانی دنیادا باویان نەماوە، تۆ قسەت چییە لەسەر ئەو بابەتە؟**

- هەر هونەرێک دەست پەروەردەی سەردەمی خۆیەتی و هەلومەرجەکانی کۆمەڵگا کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر هونەر و ئەدەبیاتی کۆمەڵگا هەیە. ئاڵ و گۆڕ لە هونەردا دیاردەیێکە کە دەستی زەمەن بە سەریدا زاڵە. نەوەی لاوی ئەم سەردەمەن، کە خولقێنەری دوارۆژی هونەری نەتەوەکەمانن. هیوادارم هەموو لاوە ئازیزەکانی ئێمە بە دڵسۆزییەوە ئاگایان لە هونەری میللی و نەتەوەیی خۆیان بێت. من نوێکاریم پێ باشە، بەڵام نەک نوێکارییە ڕوخێنەرەکان. ئاڵ و گۆڕ و نوێکاری دەبێ لە سەر بنەمای مۆسیقای نەتەوەکەی خۆمان بێت و زانیاری و هۆشیاری بکەینە هەوێنی ئەم ئاڵ و گۆڕانە و هەرگیز لەبیری نەکەین لاسایی کردنەوەی ڕاستەوخۆ بە مانای نوێکاری نییە. من لە سەر ئەو بڕوایەم هونەرمەندانی کورد لە ژن و لە پیاو دەبێ هەوڵ بدەین پێناسەیێکی ڕوونمان بۆ مۆسیقای نەتەوەی خۆمان ببێت و بە پشتیوانی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانی دیکە بۆ بەرەوپێش بردنی مۆسیقاو گەیاندنی بە ئاستی جیهانی تێبکۆشین.

*** ئەو گۆرانییەی کە زۆر پێی ناسرای و دەرکەوتی بەرهەمە دوێتەکەت بوو لەگەڵ نەجمەدین غولامی، بیرۆکەی ئەو بەرهەمە چۆن دروست بوو، لە داهاتوودا بەنیازنیت کاری لەو جۆرە لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە ئەنجام بدەی؟**

- من لە ئامێزی دایک و باوکێکی شۆڕشگێڕدا چاوم بە ڕووی دنیا هەڵێنا. بە هۆی ژیانی پێشمەرگایەتی دایک و باوکمەوە هەر لە تەمەنی ٢ مانگانەوە لە باوشی دایک هەڵچڕام و دوور لەوان ژیانم بەسەر برد و پاش ١٤ ساڵ دەوری بۆ یەکەمین جار باوکم دیەوە.

هۆنراوەی ئەم گۆرانییە، کە لەگەڵ هونەرمەندی ئازیز نەجمەدین غولامی خوێندوومە شیعری خۆمە و بۆ باوکم نووسیبوو، کە پاش چواردە ساڵ دووری بە دیداری شاد بوومەوە. مەبەستمان لەم گۆرانییە پیشاندانی ئەو عەشق خۆشەویستییەیە، کە لە نێوان باوک و کچدا هەیە. ئەم گۆرانییە پێشکەش دەکەم بە هەموو باوکانی وڵاتەکەم، کە دڵسۆزانە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا پشتیوانی ڕۆڵەکانیانن. هیوادارم لە داهاتوویشدا بتوانم لە بەرهەمەکانمدا لەگەڵ هونەرمەندانی تر هاوکار و هاودەنگ بم.

*** لە ئێستای تەمەنتدا خۆشەویستی پیاو و ژیانی هاوسەری چەندە بە گرنگ دەزانی بۆ خۆت؟**

- لە ڕاستیدا زۆربەی ساتەکانم تەرخانی هونەرەکەم کردووە و تیشکم خستووەتە سەر گەیشتن بە ئامانجەکانم لەم بوارەدا. لەم قۆناخەی ئێستای ژیانمدا پێکهێنانی ژیانی هاوسەری گرنگییێکی زۆری نییە بۆم.

*** دەکرێ بزانین لە خوێندندا کەژاڵ ئادەمی گەیشتۆتە کوێ و چی تەواو کردووە؟**

لە زانکۆی ستۆکهۆڵم کۆمەڵناسیم خوێندووە و هەروەها لە بواری مێژوی مۆسیقا، پەیوەندی مۆسیقا لەگەڵ سیاسەت و کاریگەری ئەم دوانە لە سەر یەکتردا لە زانکۆ خوێندووە.

*** ئەوە ڕۆژهەڵاتییەکانن کاریگەری هونەری فارسیان بەسەرەوەیە، یان فارسەکانن سوودیان لە هونەری کوردی وەرگرتووە و دزیویانە؟**

- هەر نەتەوەیێک خاوەنی مۆسیقا و کلتووری تایبەت بە خۆیەتی. مۆسیقای کوردی و فارسی و زەردوشتی زۆر لەیەک نزیکن. ئێمە ئەگەر چاو لە ئێران بکەین، دەبینین کوردەکان هەمیشە لە ڕیزی باشترین ژەنیار و موزیسیەکانی ئێراندا بوون، بە دڵنیاییەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مۆسیقای کوردیان هێناوەتە ناو مۆسیقای فارسی و هەروەها هەندێک لە شتە باشەکانی مۆسیقای فارسەکانیان تێکەڵی مۆسیقای کوردی کردووە، بەڵام حاشا لەوەیش ناتوانین بکەین کە کاریگەری مۆسیقا فارس وەک دەسەڵاتێکی زاڵ لەو وڵاتەدا زۆرتر بووە بە سەر مۆسیقای کوردییەوە. ئێمە ئەگەر چاو لە دەزگا و مەقامەکانی ئەم دوو مۆسیقایە بکەین دەبینین کە زۆر شتیان لە بنەڕەتدا یەکێکە، بەڵام شێوازی بەیان و دەربڕینیەکانیان جیاوازە. من ئەو ئیزنە بە خۆم نادەم بڵێم فارس مۆسیقای کوردی دزیوە یان بە عەکسەوە. هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کاریگەریان لەسەر یەکتر بووە.

*** بەرهەم و دەنگی کامە هونەرمەندە کەژاڵ ئادەمی خۆی بە قوتابی قوتابخانەکەی دەزانێ؟**

- زۆرن ئەو دەنگانەی هەستم دەبزوێنن، بەڵام دەنگە زوڵاڵ و نەمرەکەی مامۆستا سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی هەردەم جێگای تایبەتی خۆی هەیە لە دڵمدا.

*** لە باشووری کوردستاندا کەوتیتە بەر ڕێژنەی وتاری مەلاکان لەسەر ئەو قسەیەی کە گوتبووت "ئەگەر مرۆڤ خاوەنی خۆی بێ، خوداش ناتوانێ ئیستیغلالی بکا، ئەو هێرشکردنەی مەلاکان بۆ سەر خۆت چۆن دەبینی و لەبارەیەوە چی دەڵێی؟**

- هەموو شتێک لەوەوە دەستی پێکرد، کە برادەرێکی ئازیزی ڕۆژنامەوان پرسیارێکی ئاراستەی من کرد سەبارەت بە ئیستیغلال کردنی ئافرەتە هونەرمەندەکان. منیش لە وەڵامدا وتم ئەگەر ئافرەت کەسایەتی لە ئاستێکی بەرزدا بێت هیچ هێزێک ناتوانێت ئیستیغلالی بکات. مەبەستم لە وشەی *خودا* ئەو هێزە بوو و وەک نماد و سەمبولی ئەو هێزە بەکارم هێنابوو نەک نەعوزوبیللا یەزدان و ئەڵلا.

بەو یەزدانەی کە هەموومان بڕوامان پێیەتی قەسەم، من خۆم لە ژیانمدا ئەم جوملەم سەدان جار لە سەدان کەس بیستووە، هەر بۆیە زۆر زۆرم لا سەیر بوو کاتێک بیستمەوە بەو شێوە کەوتوومەتە بەر هێرش و لۆمەی مەلاکان.

بەداخەوە هەندێک جار مرۆڤەکان بە هەڵە لە یەکتر دەگەن. خودا بۆ خۆی دەزانێت مەبەستی من چی بووە جا من داوا لە بەندەکانی خودایش دەکەم ڕەزایەت بدەن و بە هەڵە لێم تێنەگەن. ئێمە نابێت پشت ببەستین بە *وشە* بەڵکو دەبێت بزانین بەرانبەرەکەمان مەبەستی چییە. من لە هەموو ئەوانەی بە هەڵە لێم تێگەیشتون داوای لێبوردن دەکەم. ڕێزم بۆ هەموو دین و ئایینەکان هەیە و دڵنیاتان دەکەمەوە هەرگیز مەبەستم سووکایەتی کردن بە هیچ دین و ئایینێک نەبووە و نییە.

*** ئەی خۆت لەگەڵ دینداری و خواپەرستی چۆنی؟**

- من لە بنەماڵەیێکی موسڵماندا گەورە بووم و ئایین و بڕوام لە ئایین و بڕواکانی نەتەوەکەم جودا نییە.

*** وڵاتی عەشق بۆ؟**

-هەمو بەرهەمەکانی ئاڵبۆمی (وڵاتی عەشق) باس لە پیرۆزی عەشق و خۆشەویستی دەکات و بانگەوازێکە بۆ خوڵقاندنی دنیاییێکی ڕووناکتر و لە سەر بنەمای عەشق. ئەم ناوەمان بە پێشنیازی هونەرمەند نەجمەدینی غولامی هەڵبژارد، کە لە یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم بەرهەمەدا دەنگی زوڵاڵی خۆی خستوەتە پاڵ دەنگم و پێکەوە خوێندوومانە.

*** لە ئێستادا لەبەر نەبوونی یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان، هونەرمەندان خەریکی کاری سینگڵن. تۆ چۆن بوو ئاڵبۆمت بەرهەم هێنا؟**

- پێکهێنانی ئەڵبۆمێکی گۆرانی بە بێ هیچ پشتیوانیێکی ماددی کارێکی زۆر دژوارە. بەرهەم هێنانی ئەم ئاڵبۆمە سێ ساڵی خایاند و لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانم لە پەرش و بڵاو بوون بپارێزم بڕیارم دا لە ئاڵبۆمێکدا کۆیان بکەمەوە و دیارییێکی شیاوم پێبێت بۆ هاووڵاتیان و هونەردۆستان.

*** وەکو ئاواز لە بەرهەمەکانت سوودت لە ئاوازی کێ وەرگرتووە؟**

- مامۆستا عەلی شەکوری ئاوازدانەری بەرهەمەکانی منە. بەڕێز عەلی شەکوری نەتەنیا ئاوازدانەر، بەڵکو ساڵانێکی زۆرە مامۆستامە و لە مەکتەبی بەڕێزیاندا دەنگم پەروەردە کردووە.

*** چەندە لەگەڵ زیندووکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی و خۆت چەندە هەوڵت بۆی داوە؟**

- بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ناسنامەی نەتەوەکەمانن و زبانێکن بۆ گێڕانەوەی مێژوو و بەسەرهاتەکانی نەتەوەکەمان. ڕێز لێنان و پاراستنی ئەم ناسنامە ئەرکی هەر مرۆڤێکی کوردپەروەرە. منیش وەک دڵۆپێکی بچووک لە زەریای هونەری نەتەوەکەماندا هەردەم هەوڵم داوە، کە خۆم لە ڕەسەنایەتییەکان دوور نەخەمەوە. پرۆژەیێکم بەدەستەوەیە سەبارەت بەم پرسیارەی ئێوە، کە لە داهاتوودا زانیاری زۆرتر لەم بارەوە دەدەمە خزمەتتان.



کەژاڵ ئادەمی لە تافی منداڵیدا